# سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری

[ كردي – کوردی – kurdish ]

نوسینی: حاجی ئومێد چروستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( استقلال السلطة القضائية )

« باللغة الكوردية »

الكاتب: أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری

**بەشی یەکەم :**

سوپاس وستــایش بۆ خـوای گەورە وبەدەسەڵات ودرود ورەحمەتی نەبڕاوەش بۆ سەرگیانی پێغەمبەری ئازیزمان وە بۆ سەر گیانی سەرجەم هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا ڕۆژی دوایی .

بەرێزان وخۆشەویستان بەیارمەتی خوای گەورە لە زنجیرەیەك ووتاردا، دەمانەوێت بابەتێکتان پێشکەش بکەین دەربارەی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری ( إستقلال السلطة القضائية ) لەئاینی پیرۆزی ئیسلام ویاسا دانراوەکانی تردا، بەو ئومێدەی ببێتە جێگای ڕەزامەندی خوای گەورە وپاشانیش ئێوەی بەرێز .

**پێشەکی ودەستپێك :**

پێش ئەوەی بچینە سەر شیکردنەوەی بابەتەکەی خۆمان پێویستە ئەوە بزانین هەموو دەوڵەت وحکومەتێك لە سێ دەسەڵات یان لەسێ ئەنجومەنی سەرەکی پێك دێت، ئەوانیش ئەنجومەن ودەسەڵاتەکانی ( یاسادان، السلطة التشريعية ) و ( جێ بەجێکردن، السلطة التنفيذية ) و ( دادوەری، السلطة القضائية ) کە لەبنەمادا دەبێت هەر یەك لەم سێ دەسەڵاتە لەیەك جودا بن و هەر لایەکیان بەکاری خۆی هەڵسێت بەپێ دەستوەردانە کاروباری ئەوی تر، لەگەڵ بوونی هاوکاری وهاریکاری لە نێوانیاندا، هەتاوەکو هەموو شتێك ڕێڕەوی ئاسایی خۆی بگرێت وهیچ لایەکیان سنووری دەسەڵاتی خۆی نەبەزێنێت .

**پێناسەی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری :**

مەبەست لەم دەستەواژەیە ئەوەیە : کە دادوەر ( قاضی ) لە کاتی جێ بەجێ کردنی کار وفەرمانەکانی ودادگایی کردندا مل کەچی هیچ دەسەڵاتێکی تری حکومەت نەبێت لەدەسەلاتەکانی ( جێ بەجێکردن و یاسادانان )، وە دەبێت سەرجەم کار

وفەرمانەکانی لە خزمەت جێ بەجێ کردنی دادگەری ( العدالة ) وسەندنەوەی مافەی زەوت کراویی خاوەن حەقەکاندا بێت ودەستی زوڵم وستەمی ستەم کارانیش بگرێت ونەهێڵێت مافی کەسانی تر بخۆن، بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ ئیعتبارێکی تر (١) .

پێویستە لەکاتی باسکردنی وەها بابەتێك ئاماژە بەدوو خاڵی گرنگ بکەین ئەوانیش بریتین لە : سەربەخۆیی ئەندامیەتی دادوەری ( استقلال العضوی للقضاء ) لەگەڵ سەربەخۆیی فەرمانبەرێتی دادوەری (استقلال الوظیفی للقضاء )، جا بابزانین مەبەست لەهەریەك لەم دوو دەستەواژەیە چیە ؟ .

**یەکەم :** سەربەخۆیی ئەندامیەتی دادوەری ( استقلال العضوی للقضاء ) : مەبەست پێی ئەوەیە : دەسەڵاتی دادوەری ( السلطة القضائیة ) سەربەخۆ بێت لەهەردوو دەسەڵاتەکانی ( یاسادانان = التشریعیة ) و (جێ بەجێکردن = التنفیذیة ) بەشێوەیەك ڕێگری بکات لەبەردەم هەریەك لەو دوو دەسەڵاتە کە دەست وەرنەدەنە کار وباری دەسەڵاتی دادوەری ( السلطة القضائیة ) بەمەبەستی لادانی لەکاری سەرەکی خۆی کە جێ بەجێکردنی دادگەریە لەنێو کۆمەڵگەدا (٢) .

**دووەم :** سەربەخۆیی فەرمانبەرێتی دادوەری (استقلال الوظیفی للقضاء ) مەبەست پێی : پاراستنی سەربەخۆیی دادوەرەکانە لە دەربڕینی ڕاوبۆچوونەکانیان لەگەڵ پاراستنی بێ لایەنیان لەکاتی دادگایی کردندا، بەشێوەیەك یاسایەك هەبێت کە بیان پارێزێت لە هەرفشار وکاریگەریەکی دەرەکی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە (٣) .

جیاوازیش لە نێوان ئەم دوو سەرەبەخۆییەدا ئەوەیە : مەبەست لەیەکەمیان شێوەیەکی گشتگیر دەگەیەنێت، ئەویش ئەوەیە دەسەڵاتی دادوەری وەك یەکێك لەدەسەڵاتەکان سەرەبەخۆ بێت وهیچ دەستێکی تێوەر نەدرێت لەلایەن دوو دەسەڵاتەکەی ترەوە، بەڵام مەبەست لە دووەمیان ئەوەیە کە شەخصی قاضی خۆی سەربەخۆ بێت لەو کاریگەریە دەرەکیەکانەی کە پێ دەچێت کاریگەری دروست بکەن لەسەر ئەو حوکمەی کە دەری دەکات ( وەك نەخوێندنەوەی خزمایەتی وشەفاعەت و واسطە وناوچەگەریەتی .... ) .

**مەبەست لە سەربەخۆی دەسەڵاتی دادوەری لە ئیسلامدا :**

پێش ئەوەی بچینە سەر باسکردنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری لەئیسلامدا،

پێویستە ئەوە بخەینە ڕوو زاراوەی ( استقلال القضاء = سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری ) وەك زاراوە لەم سەردەمانەی دوایدا دەركەوت، ئەویش پاش دەركەوتنی مەبدەئی جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان دێت كە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسی وئەو هەمووە زوڵم وزۆرەی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە دەكرا بەرامبەر خەڵكی، ئەم مەبدەئەش پێ دادەگرێت لەسەر ئەوەی كە هەموو دەسەڵاتەكان لەدەستی كۆمەڵە كەس وئەنجومەنێكدا قەتیس نەكرێت، بەڵكو كاروبارەكانی دەوڵەت دابەش بكرێت بۆ سێ دەسەڵاتی سەرەكی لەیەك جودا، ئەوانیش دەسەڵاتەكانی ( یاسادانان وجێ بەجێكردن ودادوەری ) یە .

بەڵام بەداخەوە هەندێك لە نووسەران ولێكۆڵەرەوەكان بەبێ ئەوەی دراسەیەكی وورد وبە ئینصافانەیان كردبێت، وادەزانن سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری زادەی بەرهەمی بیروبۆچونەكانی بیرمەندانی ڕۆژئاوایە وئەم مەبدەئە لەئیسلامدا پراكتیزە نەكراوە وجێگای بایەخی زانایان وبیرمەندانی ئیسلام نەبووە، وەك ئاماژەمان پێكرد ئەو بابەتە وەك زاراوە بەنوێ دەردەكەوێت، ئەگینا وەك بوارێكی چالاك وپراكتیزە كراو زانایان وفەقیهەكانی ئیسلام تەئكیدیان كردوەتەوە لەسەر ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر بنەماكانی دادگەری ( عدالة ) ویەكسانی دروست بووە، تا بەو شێوەیەی لێهاتووە كە ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ هەموو سەردەم وشوێن وكاتێك لەبار وگونجاوە، چونكە ئامانج ومەبەست لەسەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری سەندنەوەی مافە زەوت كراوەكانە بۆ خاوەنەكانیان لەگەڵ پیادەكردنی عەدالەت ویەكسانی لەكۆمەڵگەدا بەبێ جیاوازی كردن لە نێوان دەسەڵاتداران وهاوڵاتیاندا، ئەم ئامانجەش خاڵێكی هەرەگرنگە لەهاتنی پێغەمبەرایەتی، وشەریعەتی ئیسلام زۆر بەبایەخەوە لێی دەڕوانێت، دەقەكانی قورئانی پیرۆز وسوننەت زۆر پێداگریان لەسەر كردوە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ( **إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ** .... ) (٤) واتە : بێگومان وە بەڕاستـــی خوای گەورە فەرمان دەدات بە دادپەروەری وچاكەكاری ..

یان دەفەرموێت : ( **إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ** .... ) (٥) واتە : بەڕاستی خوا فەرمانتان پێ دەكات كە هەموو ئەمانەت وسپاردەكان بگەڕێننەوە بۆ خاوەنەكانیان وهەر كاتێكیش داوەریتان كرد لە نێوان

خەڵكیدا، بەدادپەروەرانە فەرمان ڕەوایی وحوكم بكەن .

چونكە گومانی تێدا نیە ئەو كەسانەی پابەندی تەعالیم وڕێنومایەكانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامن مەبەستیان ڕەزامەندی وگوێڕایەڵی وجێ بەجێ كردنی فەرمانەكانی پەوەردگارە، لەگەڵ ئەوەشدا فەرمانیان پێكراوە كە گوێڕایەڵی پێغەمبەر وكاربەدەستانی خۆیان بن، وەك خوای گەورە دەفەرموێت :(**یَا أَیُّهَا الَّذِینَ آمَنُوا أَطِیعُوا اللَّهَ وَأَطِیعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ**...)(٦) واتە: ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە فەرمان بەرداری خوا وپێغەمبەر وكاربەدەستانی خۆتان بن .

بەم شێوەیە شەریعەتی ئیسلامیش بەبێ جیاوازی دەبێت جێ بەجێ بكرێت بەسەر كاربەدەست ودەسەڵاتدار وهاوڵاتیاندا، چونكە كاربەدەستان ودەسەڵاتداران لای خوای گەورە لپێرسراون لە هاوڵاتیان وڕەعیەتەكانیان، وە دەبێت بەهیچ شێوەیەك زوڵم وستەمیان لێ نەكەن، وەك لەفەرموودەیەكی صەحیحدا هاتووە كەدەفەرموێت : **" كلكم راع وكلكم مسؤول عن رعيته، فالإمام راع وهو مسؤول عن رعيته ... "** (٧) واتە : هەمووتان شوان ولپێرسروان وهەر هەمویشتان لێتان دەپرسرێتەوە بەرامبەر هاوڵاتیان وڕەعیەتەكەتان، ئیمام وگەورەی موسڵمانان لێپرسراوە بەرامبەر بە ڕەعیەت وژێردەستەكانی .

جا كاتێك كە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هاتو دادپەروەری ویەكسانی كردە دروشم ومەشخەڵی خۆی ولە واقعی حاڵ وكایەكانی ژیاندا جێ بەجێی كرد، لەو كاتەدا بوو كە دەوڵەتە زلهێزەكانی ئەو كاتەی دونیا ( ڕۆم وفارس ) هاوڵاتیان وژێر دەسەتەكانی خۆیان دەچەوساندەوە وزوڵمیان لێ دەكردن، وگەندەڵی وفەسادی ئەخلاقی هەموو ژیانی گرتبونەوە وبەناوی دەسەڵاتی ڕەهای سەر زەویەوە هەموو مافێكیان دابوو بەخۆیان وبەچەپ وڕاستدا هەرچیەكیان بویستایە دەیان كرد وكەسێكیش نەبوو پێیان بڵێ ئەوە بۆ وا دەكەن، بەڵێ لەو كاتەی كەدونیا لە زەلكاوی نەفامیدا نوقم بوو بوو خۆری ئیسلام هەڵهات وبوو بەڕەحمەت بۆ تەواوی سەر زەوی .

لە بەر ڕۆشنای ئەو بنەما سەرەكیەی كە ئاماژەمان پێدا ولە بەرزی وبڵندی پەیامە پیرۆزەكەی پەروەردگارەوە، شەریعەتی ئیسلام دەسەڵاتی دا بەدادوەرەكان ( القضاة ) كە سەربەخۆ بن لە بڕیار وئەو حوكمانەی كە دەریدەكەن

لەكاتی دادگای كردنی كەسەكاندا، بەبێ ئەوەی كارتێكراو بن لەلایەن ئەو دەسەڵاتەی كە دەست نیشانی كردون بۆ كاری دادوەری، وەبەهیچ شێوەیەكیش ڕێگا نەدەن كە دەست بخرێتە كاریانەوە لەلایەن كاربەدەستان ولپێرسراوانی ووڵاتەوە، بەم پێیەش قاضیەكان لەهەموو چەرخ وسەردەم وخیلافەتە یەك لەدوای یەكەكانی ئیسلامدا سەربەخۆ بوون وسەربەخۆیی خۆشیان پاراستوە، مێژووش باشترین شاهیدە لەسەر ئەم مەسئەلەیە، بەپشتیوانی خوای گەورە لەكاتی خۆیدا ئاماژە بەچەند ڕووداوێك دەكەین كە بەڵگەن لەسەر ڕاستی ئەو ووتانەی كە سەرنجتانم بۆ ڕاكێشا.

بەم پێیە دەگەینە ئەو ڕاستیەی مەبەست لەسەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری ئەوەیە كە قاضیەكان لەكاتی ڕاپەڕاندنی كارەكانیاندا مل كەچی هیچ دەسەڵاتێكی تر نەبن، بەڵكو هەموو كار ومەبەستێكیان جێ بەجێ كردن وسەپاندنی حەق وڕاستی ودادپەروەری بێت، ئەویش لەژێر ڕۆشنای مل كەچی وگەردن گیریان بۆ شەریعەت ونەخوێندنەوەی هیچ جۆرە ئیعتبارێكی تر (٨).

لەمەشەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی كە دەسەڵاتی دادوەری هیچ كاتێك ناكرێت سەربەخۆ نەبێت، چونكە ئەگەر دادوەرەكان سەربەخۆ وسەربەست وئازاد نەبوون لە ڕاپەڕاندنی كارەكانیاندا، ئەو كاتە دادگاكان دەبنە جێگای گاڵتەجاڕی ودەستێوەردانی دەسەڵاتەكانی تر وقاضیەكانیش دەبن بە دەست كەلای بەرژەوەندی لپێرسراوان وهەر فەرمانێكیان بۆ هات بەبێ چەن وچون دەبێت جێ بەجێی بكەن، لەكۆتایشدا داداگا ودەسەڵاتی دادوەری گرنگی كاری خۆی لەدەست دەدا وخراپە وخراپەكاری وزوڵم وستەم هەموو بوارەكانی ژیان دەگرێتەوە (٩) .

بێگومان مەبەستیش لەم بنەما جوانە ئەوەیە كە هەردوو لایەنی ناكۆك كەدەچنە بەردەم دادوەر تەوا هەست بكەن بە ئازادی ودڵنیا بن لەوەی كە مەسئەلە وكێشەكەیان بەو پەڕی بێ لایەنی قاضی وداگاوە كۆتای پێ دێت وهیچ كەس دەستوەرناداتە كێشەكەیانەوە، بەڵكو دادپەروەری وعەدالەت خۆی دەسەپێنێت بەسەر هەردوولایاندا .

# گرنگی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری

خوای گــەورە دەفـــەرموێت :( **يَــا أَيُّهَــا الَّذِينَ آمَنُــوا كُونُــوا قَوَّامِينَ لِلَّــهِ شُهَــدَاءَ بِالْقِسْــطِ وَلَا يَجْــرِمَنَّكُــمْ شَنَــآنُ قَــوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُــوا اعْـدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى ....** ) (١٠) واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، زۆر بەچاکی هەستن بەئەنجامدانی شایەتی دادپەروەرانە لەبەر خاتری خوای گەورە، ڕق ودوژمنایەتی هیچ کەس وهیچ لایەك هەڵتان نەنێت کەلە دادپەروەری لابدەن، دادپەروەر بن چونکە هەر ئەوە نزیکترە لە تەقواو خواناسینەوە .

ئەم ئایەتە پیرۆزە ڕێنومایی تاکەکانی کۆمەڵگا دەکات هەرکاتێك کران بە شاهید یان دادوەر لە نێو دوو کەسدا یان دوو تاقمدا ئەگەر یەکێك لەو دوو تاقمەش ناکۆك وناتەبابن لەگەڵیاندا نابێت ئەوە وایان لێ بکات کە بڕیارێکی نادادگەرانە یان شاهیدیەکی ناهەق بدەن .

باس وبابەتی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری یەکێکە لەهەرە بابەتە گرنگەکان، چونکە هەر ئەو مەسئەلەیە دەتوانێت هەڵبسێت بەئەنجام دان وڕاپەڕاندنی ئەو مەبەست وئامانجانەی کە دادگاکانی لە پێناودا دروست بووە، کەبریتی یە لەبەرپاکردنی دادگەری وگەڕاندنەوەی مافی خاوەن هەقەکان ونەهێشتنی زوڵم وستەم و ناکۆکی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگا وکۆتایی هێنان پێیان، وڕێکخستنی ژیانێکی ئاسوودە بۆخەڵکی وپاراستنی ئاسایشی نیشتمان وحکومەت لە فەساد وگەندەڵی، بەشێوەیەکی گشتی فەراهەم هێنانی تەواوی بەرژوەندیەکان ودوورخستنەوە ونەهێشتنی هەرچی ناوی خراپەیە لە هاوڵاتیان وڕەعیەت ودانیشتوانی ووڵات .

بەم شێوەیەش تێگەشتین سەربەخۆی دەسەڵاتی دادوەری هۆکارێکە بۆ سەقامگیربوونی ئاسایشی کۆمەڵگا ومانەوە وبەردەوام بوونی ژیان، بەپێچەوانەشەوە سەربەخۆ نەبوونی ئەو دەسەڵاتە یان پشتگوێ خستن وگرنگی پێ نەدانی دەبێتە هۆی تیاچوونی کۆمەڵگا وبڵاوبوونەوەی زوڵم وستەم وگومڕایی وسەر لێشێوان، وەك عائیشەی دایکی باوەڕداران ( خوای لێ ڕازی بێت ) فەرموودەیەکمان بۆ دەگێڕێتەوە ودەڵێت : ئافرەتێکی مەخزومی کە لەعەشیرەتی قورەیش بوو دزی کرد، خزم وکەسەکانی لە قورەیش زۆر بالایانەوە شەرم بوو کە دەستی ببڕێت، بۆیە ووتیان

دەبێت کەسێك ببینینەوە کە شەفاعەتی لای پێغەمبەر ( درودی خوای لەسەر بێت ) بخوات وقسەی نەشکێنێت، ووتیان ئوسامەی کوڕی زەید خۆشەویستی پێغەمبەری خوایە، بۆیە هەستان چوونە لای ئوسامە وئەویش شەفاعەتی کرد بۆ ئافرەتەکە کە دەستی نەبڕرێت، پێغەمبەریش ( درودی خوای لەسەر بێت ) فەرمـووی : " **أتشفع في حد من حدود الله ؟ ثم قام فخطب فقال : يا أيها الناس إنما ضل من كان قبلكم أنهم كانوا إذا سرق الشريف تركوه ، وإذا سرق الضعيف فيهم أقاموا عليه الحد ، وأيم الله لو أن فاطمة بنت محمد سرقت لقطعت يدها** " (١١) واتە ئایا تۆ شەفاعەت دەکەیت بۆ کەسێك کە سنورێك لەسنورەکانی خودای بەزاندوە، پاشان چوویە سەر مینبەرەکەی و ووتارێکی بۆ خەڵکەکە دا وفەرمووی : ئەی خەڵکینە ئوممەتانی پێش ئێوە گومڕا وسەر لێشێواو بوون لەبەر ئەوەی هەرکاتێك کەسێکی ناوداریان دزی بکردایە وازیان لێدەهێنا، بەڵام ئەگەر کەسێکی هەژار وبێ کەس دزی بکردایە دەستیان دەبڕی، سوێند بەخوا ئەگەر فاطمەی کچی موحەمەد دزی بکات دەستی دەبڕم .

ئەم فەرمودەیە خۆی لەخۆیدا بەڵگەیەکی زۆر بەهێزە لەسەر گرنگی سەربەخۆی دەسەڵاتی دادوەری لەبەر سێ هۆ :

یەکەمیان : سزادانی هەژاران وبێ کەسەکان وجێ بەجێ نەکردنی بەسەر دەوڵەمەند وخاوەن کەسەکاندا هۆکارێکی فەوتان وتیاچوونی کۆمەڵگایە، بۆیە دەبێت هەرگیز ڕێگا بەوەها کارێك نەدرێت .

دووەم : پێغـەمبەر ( درودی خوای لەسەر بێت ) شەفاعەتی قەبوڵ نەکردوە کە بکرێت بۆ کەسێکی ناودار لەبەر ئەوەی خاوەنی خزم وکەس وکار وعەشیرەتێکی ناودارە وحوکمەکەی بەسەردا جێ بەجێ نەکرێت.

سێ هەم : ئەوەیە پێغەمبەر( درودی خوای لەسەر بێت ) سوێند دەخوات نەك هەر ئەوەندە بەڵکو نزیك ترین وخۆشەویسترین کەسی خۆی کە فاطمەی کچیەتی ئەو کارەی لێ بوەشێتەوە هەمان حوکمی بەسەردا جێ بەجێ دەکات بەبێ جیاوازی.

هەر لەم ڕوانگەیەوە دەبێت کەسانی ناو دوو دەسەڵاتەکەی تری حکومەت لە دەسەڵاتی ( جێ بەجێکردن و یاسـادانان ) هـەرگیز پەنـا نەبن بۆ نـاوبەندی ( واسطة ) کردن وفشار دروست کردن لەسەر قاضیەکان لە پێناو ئەوەی حوکمێکیان

پێ بگۆڕن یان حوکمێکیان پێ دەربکەن بۆ کەسێك یان لایەنێك کە شایستەی ئەو حوکمە نەبێت، چونکە وەك ووتمان وەها کارێك دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی نادادگەری وزوڵم وستەم لەناو خەڵك وکۆتاییەکەشی بەهەرەسهێنانی ئەو حکومەتە تەواو دەبێت .

دادگەری وعەدالەتیش هەرگیز پیادە ناکرێت هەتاوەکو سەرجەم قاضی ودادوەرەکان تەواو ئازاد نەبن لە لێکوڵینەوە وبەدواداچوونی ئەو کێشە ومەسئەلانەی کە دێتە بەردەستیان، ولەهەمان کاتیشدا ترسی هیچ لایەنێکیان نەبێت کە دەست وەردەنە کاروبارەکانیانەوە ولەلۆمەی لۆمەکەرانیش سڵ نەکەنەوە، تەنها مەبەستیان ڕەزامەندی خوای گەورە وپاشانیش جێ بەجێ کردنی عەدالەت بێت لە کۆمەڵگادا، تاوەکو ببن بەیەکێك لەو دەستە وکۆمەڵانەی کە لەڕۆژی حەشردا لە ژێر ئەو سێبەرەدان کە خوای گەورە بۆیانی دروست دەکات .

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە، ئەویش ئەوەیە : سەربەخۆی دەسەڵاتی دادوەری بۆچی ؟ یان ئایا دادگەری وعەدالەت جێ بەجێ دەکرێت بەبێ ئەوەی دادگا وقاضیەکان سەربەخۆ نەبن ؟

لەوەڵامدا ئەڵێین : دەسەڵاتی دادوەری دەبێت کاری سەرەکی بریتی بێت لە جێ بەجێ کردنی عەدالەت، عەدالەتیش بەشێکە لەڕاستی وحەقیقەت، حەقیەقتیش بەوە ڕوون دەبێتەوە کە دادوەرەکان ئازادبن لەبەدواداچوونی دۆزینەوەی ئەو سەرە داوانەی کە پەیوەندیان بەو مەسئەلانەوە هەیە کە خراوەتە بەردەمیان، بەپێچەوانەشەوە چەندێك ئەو گۆڕەپانانەیان لێ تەسك بکرێتەوە، هێندە ڕاستیەکان وون دەبن ودەشێوێنرێن، ئەو کاتەش ئەو حوکمەی کە دادوەرەکە دەری دەکات دوور دەبێت لە عەدالەتەوە، بەمەش کۆمەڵگا بەرەو هەڵدێر وتیاچوون دەچێت .

لەئەنجامی ئەم هاوکێشەیەش کۆمەڵگا ئەکەوێتە بەردەم سێ حاڵەتی دژوارەوە :

**حاڵەتی یەکەم :** لەحاڵەتێکدا دادگا بەردەوام بێت لەو مەسئەلەیەی کە نەتوانێت بەشێوەیەکی تەواو بکۆڵێتەوە لە هەموو لایەنە شاراوەکانی ئەویش لەبەر دەستێوەردان لەلایەن دەسەڵاتەکانی ترەوە، گومان لەوەدا نیە حوکم دان لەوەها مەسئەلەیەکدا ئەمان گەیەنێتە ئەنجامێکی زانراو ئەویش دەرکردنی بڕیارێکی بەڕواڵەت تەواوی

بەناوەڕۆك ناڕاستی ستەمكارانەیە لەبەر ئەوەی دەستە شاراوەكانی پشت دادوەرەكان بوون بە مایەی ئەوەی عەدالەت جێ بەجێ نەكرێت وحەقەكان نەگەڕێنەوە بۆ خاوەنەكانیان .

**حاڵەتی دووەم :** خۆ ئەگەر لەوەها حاڵەتێكدا دادوەرەكان ( القضاة ) دەستیان هەڵگرت لەكارەكانیان یان كارەكانیان وەستاند، ئەو كاتە گیروگرفتەكان زیاتر دەبن ولەسەر یەك كەڵەكە دەبن بەبێ ئەوەی هیچ كامیان یەك لای كرابنەوە، لەئەنجامدا سەرپێچی وتاوان وخراپەكاری دەزگا ودەسەڵاتی دادوەریش دەگرێتەوە، ئـەویش لەئەنجامی دەستێوەردانی كەسانی دەرەوەی سلطەی قەضائی .

**حاڵەتی سێهەم :** لەحاڵێكدا ئەگەر هەردوو دەسەڵاتەكە دەسەڵاتی خاوەن هێز ودەسەڵاتی قەضائی هەر یەكێكیان بە پێچەوانەی ئەوی تر كاری كرد وهاوكاری نەبوو لە نێونیاندا ودەسەڵاتی جێ بەجێكردن سنووری چالاكی خۆی نەزانی ودەستی وەردایە كاروباری داگاكان، ئەو كاتە گۆڕەپانی دەسەڵاتی قەضائی دەبێتە گۆڕەپانی ململانێ وكێشمە كێش، لەئەنجامدا دەسەڵاتی قەضائی لە ڕێڕەوی كاری سەرەكی خۆی لا ئەدات، ئەمەش ئەنجامێكی دژوار وخراپی لێ دەكـەوێتەوە، ئـەوەی كەژیر وعاقڵ بێت بەكارێكـی دروست وڕاستی نازانێت (١٢) .

خۆشەویستان لە ووتاری ئەمجارەماندا بەوەندە ئیكتفا دەكەین تا بەشی دووەمی ئەم بابەتە بەخواتان دەسپێرین وخواتان لەگەڵ .

**پەراوێزەكان :**

**(١) سەیری كتێبی القضاء في الإسلام ، الدكتور محمد عبد القادر أبو فارس لاپەڕە ١٨٩ بكة، دار الفرقان ، الأردن ط٢ ، ١٤٠٤ هـ .**

**(٢) مدى استقلال السلطة القضائية في الإسلام لاپەڕە ٨ ، رسالة الماجستير ، ئامادەكردنی قوتابی ، فهد بن إبراهيم المشيقح ساڵی ١٤٢٠هـ .**

**(٣) استقلال القضاء ، الدكتور محمد كامل عبيد لاپەڕە ٣٥ ، بەكەمێك دەستكاریەوە ، دار القلم للنشر والتوزيع ، دبي الإمارات العربية المتحدة ١٩٩١ م .**

**(٤) سورة النحل : ئایەتی ( ٩٠ )**

**(٥) سورة النساء :ئایەتی ( ٥٨ ) .**

(٦) سورة النساء : ئايەتی (٥٩) .

**(٧)** أخرجه البخاري في كتاب الوصايا - باب تأويل قوله تعالى ( من بعد وصية يوصي بها أو دين ) تحت رقم ٢٧٥١ ، ومسلم في كتب الإمارة – باب فضيلة الأمير العادل وعقوبة _ تحت رقم ٤٧٢٤.

(٨) نظام القضاء في المملكة العربية السعودية ، الدكتور عبد المنعم عبد العظيم جيزة لاپەڕە ٥٠ ، الرياض مطبعة معهد الإدارة العامة ١٩٨٨م .

(٩) استقلال السلطة القضائية،الدكتور محمد عصفورلاپەڕە ٥٨ .

(١٠) سورة المائدة : ئايەتی (٨) .

(١١) أخرجه البخاري في كتاب الحدود - باب إقامة الحدود على الشريف والوضيع - وباب كراهية الشفاعة في الحد إذا رفع إلى السلطان تحت رقم ٦٧٨٧ ورقم ٦٧٨٨ ، ومسلم في كتاب الحدود - باب قطع السارق الشريف وغيره والنهي عن الشفاعة في الحدود – فەرموودەی ژمارە ٤٤١٠ ، وأبو داود في سننه في كتاب الحدود – باب في الحد يشفع فيه – فەرموودەی ژمارە ٤٣٧٣ .

(١٢) ضرورة استقلال تعزيز استقلال القضاء ، المستشار الدكتور أحمد بو عتابة الزعابي ، موقع مركز الإمارات للدراسات و الإعلام ، لاپەڕە ١-٣ .